


# سەفەر بەرەو ئەودیوی بوون

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی «باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام»

**ئارام سدیق**
**(سلێمانی)**

**سەرەتا**

ئەلبێر کامو لە بەرگی یەکەمی یادداشتەکانیدا دەنووسێت: "لەبەر ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بیروڕاکان لەسەر ئەوە کۆک دەبن، ئەوەی کە ژیان بە جوان و سادە بزانێت، کەواتە ناتوانێت لە ژیان تێ بگات". مرۆڤ بە درێژایی بوونی لە هەوڵی تەفسیرکردن و تێگەیشتنە لە بوون و دەخوازێت مانای پێ بدات، بۆیە کۆششی مرۆڤ ساڵ دوای ساڵ زیاترە و بە سەدان و هەزاران ڕێگەی جۆر بە جۆریش گیراوەتە بەر بۆ ئەوەی بە مانای جیاوازی بوون بگەن، دەمەوێت لەم ڕستانەوە بچمە سەر ڕۆمانی (باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام)ی فەرۆخ نیعمەتپوور، یەکێکە لەو ڕۆمانانەی دەیەوێت بە زمانێکی سادە باس لە ئاڵۆزییەکانی ژیان بکات و لەم ڕۆمانەوە دەیەوێت لەڕێی دوو فیگۆری سەرەکی ڕۆمانەکەوە بگاتە ماناکانی بوون، تا لەوێوە پێناسەیەک بۆ ژیان ببینێتەوە.

فەرۆخ لەم ڕۆمانەدا جیا لە ڕۆمانەکانی پێشووتری، دەیەوێت خوێنەر لەگەڵ ڕستەکاندا بەرەو دنیای بیرکردنەوە ببات، بیرکردنەوەیەک لە بوون و ئەو شوێنەی ئێستا ئێمەی تێدا وەستاوین، یەکێک لەو شتانەی لەنێو بوونی مرۆڤدا گرنگی هەیە وشیارییە، بۆیە ئامادەبوون لەنێو بووندا بە وشیارییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە و هاوکات یەکێکیشە لەو خاڵانەی فەیلەسووفانی بوونگەری جەختیان لەسەر کردۆتەوە، هەروەها بوونگەراییەکان جەختیان لەسەر ئەوەش کردۆتەوە، کە پێویستە مرۆڤ بە نیگەرانییەوە لە بووندا ئامادەیی هەبێت، بەڵام ئەم نیگەرانییە نابێت ببێتە هۆی تێکشکاندنی و بوونی بڕووخێنێت، بەڵکو بوونگەراکان داوای ئەوە دەکەن کە مرۆڤ نیگەرانییەکانی بکات بە پرۆژە، مرۆڤ بە پرۆژەکانییەوە دەتوانێت بوونی خۆی لە جیهاندا بسەلمێنێت.

لەم نووسینەدا هەوڵی خوێندنەوەی ڕۆمانی (باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام)ی فەرۆخ نیعمەتپوور دەدەین بە کۆمەکی فەلسەفەی بوونگەرایی و هاوکات قسە لەسەر چەند لایەنێکی تری دەقەکەش دەکەین.

**ڕۆمانەکە**

ڕۆمانەکە بەسەرهاتی دوو برای

خەیاڵی دەگێڕێتەوە، کە سەرەڕای ئەوەی لە دایکێک لە دایک دەبن و دووانەن، بەڵام هەر یەکەیان خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، ئەوەش لەوکاتەوە دەست پێدەکات، کە هەر یەکێکیان لە یەکێک لە مەمکەکانی دایکی شیر دەخوات، ئەمەش چارەنووس و ڕێگای ژیانی ئەم دوو برایە لە یەکدی جیا دەکاتەوە، ڕۆمانەکە سەفەری دوو برایە بەنێو بووندا و نووسەر کەشێکی فەنتازی لەنێو فەزای گشتی ڕۆمانەکەدا خوڵقاندووە و بە جوانی بیرۆکەی فەلسەفی لەسەر ژیان و بوون، بە هەناسەیەکی شاعیرانە لەنێو ڕۆمانەکەدا نەخشاندووە و هەر ئەم زمانە شیعرییە وەک یەکێک لە تایبەتمەندییە دیارەکانی ئەم دەقە دەردەکەوێت.

هەڵبەت بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی لە ڕۆمانەکە خوێنەر پێویستی بە وردبوونەوەی تەواوەتی لە دەقەکە دەبێت لەبەر ئەوەی بەشێک لە ڕستەکانی نێو ئەم ڕۆمانە ڕستەی کۆدئاسان، بەبێ ئاگاداربوون لەو کۆدانە کردنەوەی دەرگا داخراوەکانی تێکستەکە ئەستەم دەبێت.

ئەمەی لەم ڕۆمانەدا لای من سەرنجڕاکێش بوو ئەوەیە کە بوون تێمای سەرەکی ڕۆمانەکەیە، بەڵام ڕوون نییە نووسەر دەیەوێت بگەڕێیتەوە بۆ سەرەتاکانی بوون و لەڕێی هەردوو فیگۆرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکە "باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام"ـەوە ئایا دەیەوێت، چۆنێتی پەیدابوونی دەستنیشان بکەیت، بوونێکی نوێی فەنتازی بخوڵقێنیت؟ بێ گومان نووسەر وەڵامی ئەم پرسیارانە لە تێکستەکەدا بە ڕێژەیی دەداتەوە و بە جۆرێک دەتوانین بڵێین لە ڕۆمانەکەدا بەر بۆچوونێکی تەواو یەکلاییکەرەوە ناکەوین، کە ئەمەش پێ دەچێت پێوەندی بەوەوە هەبێت نووسەر بواری بیرکردنەوە و بەشداربوونی بۆ خوێنەر بەجێ هێشتبێت، بە گشتی ڕۆمانەکە تا دوا ڕستەکانی کۆتایی بە دەوری فیگۆری "باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام"دا دەخولێتەوە و هەر یەکەشیان ڕووبەڕووی چارەنووسی خۆیان دەبنەوە.

## لەبارەی ناوونیشانەوە

نووسەر بۆ ناوونیشانی ڕۆمانەکەی، پەنای بردۆتە بەر ناوی هەردوو فیگۆرە سەرەکییەکەی ڕۆمانەکەی کە ئەمەش بە بەراورد بە دوو ڕۆمانەکەی پێشووتری نووسەر، جیاوازی دەبینین، ئەگەر لە ناوونیشانی هەردوو ڕۆمانەکەی پێشووتری نیعمەتپوور وردبینەوە، دەبینین یەکێکیان ناوی "ساڵەکانی خەون"ـە و ئەوی دیکەشیان ناوی "پەڕەسێلکەکانی کۆچ"ـە، بەڵام لەم ڕۆمانەدا باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام" نووسەر جیاوازتر کاری لەسەر ڕەگەزی ناوونیشان کردووە و ناوی هەردوو فیگۆرە سەرەکییەکەی نێو ڕۆمانەکەی کردۆتە ناوونیشانی ڕۆمانەکە بەڵام هەر لە دوو ڕۆمانی پێشووتری نیعمەتپووردا هەست بەوە ناکەین.

هەڵبژاردنی ناوی فیگۆرە سەرەکییەکان بۆ ڕۆمان بەشی هەرە زۆری بۆ قورسایی ئەو فیگۆرە دەگەڕێتەوە کە لەنێو بنیادی دەقەکەدا هەیەتی، دەتوانین ئاماژە بە ڕۆمانی "زۆربا"ی نیکۆس کازانتزاکیس بدەین، کە فیگۆرێکە قورساییەکی تەواوی لە ڕۆمانەکەدا هەیە، هەر بۆیە کازانتزاکیس ئەو ناوونیشانەی هەڵبژاردووە، هاوکات ئەگەر سەرنج لە چەند نموونەیەکی ڕۆمانی کوردی بدەین، دەبینین عەتا محەمەد لە ڕۆمانی "خواجە نەسرەدین"، کە لە پێناو پێکەنینێکدا دەکوژرێت، ناوی "خواجە نەسرەدین" قورسایی تەواوی لەسەر ڕۆمانەکە هەیە، بۆیە نووسەر ناوی ئەو فیگۆرەی لە ناوونیشانی ڕۆمانەکەیدا بەکار بردووە، هاوکات ڕۆمانی "هەورەکانی دانیاڵ"ی (بەختیار عەلی)ش یەکێکە لەو ڕۆمانانەی دیکە لە بەهۆی قورسایی دانیاڵ لەسەر کۆی حیکایەتی ڕۆمانەکە، بۆیە نووسەر ناوی ئەم فیگۆرەی لەناوونیشاندا بەکار بردووە.

لای نیعمەتپووریش بەکاربردنی ناوی هەردوو فیگۆری "باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام" بەتەواوی پێوەندی بە قورسایی ئەم دوو فیگۆرەوە هەیە لەسەر حیکایەتەکان و زیادەڕەوی نییە کە بڵێین کۆی حیکایەتەکانی ئەم ڕۆمانە لە دەوری ئەواندا دەسوڕێتەوە.

## گێڕانەوە لەنێوان سادەیی و ئاڵۆزیدا

کاتێک ڕۆمانەکە دەست پێ دەکات، هیچ کام لە دوو فیگۆری سەرەکی ڕۆمانەکە بوونیان نییە و لە بەشی دووەمی ڕۆمانەکەدا لە دایک دەبن، لە بەشی یەکەمدا دەنگی گێڕەرەوە بەرەو ڕووداوەکان دەمانبات و لە بەشی دووەمدا لەگەڵ لە دایکبوونی دووانەی باڵندەی بریندار و ماسی سەرسامدا خوێنەر لەڕێی هێزی گێڕانەوەوە بەو دۆخ گۆڕانە

کتوپڕ و لەناکاوە ئاشنا دەبێت کە هەریەک لەو دوو بوونەوەرەی لە دایک دەبن، دەبنە دوو فیگۆری جیاواز لە مرۆڤی ئاسایی، نووسەر زۆر بە سادەیی لە دایکبوونی ئەم دوو فیگۆرە خەیاڵییە بە خوێنەر دەناسێنێت و وەک دوو سیمبۆلی بوون دێنە نێو دنیای حیکایەتی ئەم ڕۆمانە.

هونەری گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی ئاسان و هێڵێکی تەریب نییە، بەڵکو خودی ڕۆمانەکە جۆرێکە لە گێڕانەوەیی کە تایبەتمەندی شیعریی بەسەریدا زاڵە و لە زۆر جێگادا ئەو زمانە شیعرییە کەشێکی فەنتازی تەواوی خولقاندووە، وەلێ زاڵیی ئەم زمانە شیعرییە چەندە بۆتە هۆی خاڵێکی ئەرێنی بۆ ڕۆمانەکە، بەڵام لە هەمان کاتدا وەک خاڵێکی نەرێنیش دێتە بەرچاو، بەو پێیەی لە هەندێک شوێندا هێڵە گشتییەکانی گێڕانەوە بەهۆی ئەم زمانەوە ون بووە، بۆیە دەبوو هاوسەنگی تەواوەتی لەنێوان زمانی شیعریی تێکستەکە و زمانی گێڕانەوەدا ڕابگیرایە.

نووسەر لە زۆر شوێندا هەوڵی سادەکردنەوە و سادە باسکردنی حیکایەتەکەی داوە، بەڵام لە زۆر شوێندا ئەم سادەکردنەوەیە بە دەردی بنیادی ڕۆمانەکەی نەخواردووە، هەر بۆیە نووسەر لەنێوان سادەیی و ئاڵۆزیدا ون بووە، هەر لەبەر ئەوەشە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کەمێک حەوسەڵەی دەوێت، لەبەر ئەوەی وەک ڕۆمانێکی ئاسایی ناچێتە نێو قاڵبە کلاسیکییەکانی ڕۆمانەوە، ئەگەرچی گێڕانەوەکان کەمێک پچڕ پچڕن، بەڵام ئەو تێمایەی نووسەر هەڵیبژاردووە، خوێنەر لەگەڵ ڕووداوەکاندا تا دوا لاپەڕەکانی کۆتایی دەبات.

### سەفەر بەرەو ئەودیوی بوون

ڕۆمانی "باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام" لە شێوەی سەفەرێکە لەگەڵ خوێنەردا، سەفەرێک بەرەو ئەودیوی بوون، یان سەفەرێک بۆ ئاشنابوون بە بوون، بە جۆرێک نووسەر جارێک بوون وەک دیاردە بۆ خوێنەر دەخاتەڕوو و جارێکی دیکە بوون وەک چەمکێک دەخاتە بەردەم شرۆڤە، ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی سەفەرە، سەفەرێک بەرەو ناوەوەی خۆمان سەفەرێک بەرەو دەرەوەی خۆمان، ناوەوە بۆ بیرکردنەوە لە بوونمان وەک بوویەکی سەر زەوی، دەرەوەش پێگەمان لەنێو گەردووندا چییە؟ هەردوو فیگۆری "باڵندەی بریندار، ماسی سەرسام" هێمان بۆ دوو جۆر بوون جۆری یەکەمیان وەک هێمای ئاسمان کە دەتوانین فیگۆری باڵندە لەم پۆلێنبەندییەدا دانێین، جۆری دووەمیش فیگۆری ماسی وەک هێمای بوونی زەمین نشینی.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم ڕۆمانە کە بەرەو ڕۆمانێکی فەلسەفی، یان دروستتر بڵێم بوونگەری پەلکێش دەکات ئەو دابەشکارییەی بوونە لەنێوان ئاسمان و زەویدا، نووسەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەدا بوون لە دیدی ئایینەکانەوە ڕەت دەکاتەوە و هەست بەوە دەکرێت کە نزیکی لە پەیڕەوکردنی تیورەی فرۆیدی هەبێت کاتێک لە لاپەڕە ١٣دا دەنووسێت"چ درۆیەکی گەورەیە مرۆڤ لە ئاسمانەکانەوە دابەزیوەتە خوارەوە"، لێرەوە هەست بە ڕەتکرنەوەی بیردۆزە ئایینییەکان دەکرێت بۆ بوون، بەڵام نووسەر لە لاپەڕە حەفتاوپێنجدا بوون وەک ئەوەی لە ئایینداا باس کراوە بە بەرهەمی دەسەڵاتی ئیلاهی دەزانێت، خستنەڕووی هەردوو بۆچوونەکە و ساغ نەبوونەوەی نووسەر لەسەر یەکێک لەم دوو بۆچوونە پێ دەچێت گەڕان بێت بەدوای ڕێگەی سێیەمدا و ڕەنگە مەبەستی خودی ڕۆمانەکەش هەر بۆ ئەم ڕێگای سێیەمە بێت، بەڵام ئاخۆ ڕێگای سێیەم بوونی هەیە؟

بێ گومان قسەکردن لەسەر ڕێگای سێیەم کارێکی ئاسان نییە و نووسەریش لە خستنەڕووی ئەمەدا ساغ نەبۆتەوە، هەر بۆیە پرسیاری بوونی ڕێگای سێیەم بە کراوەیی ماوەتەوە و وەڵامەکەی نادیارە، نووسەر لە لاپەڕە ٩٥ی ڕۆمانەکەدا باس لە سنووردارکردنی ئازادی ئینسان دەکات و دەیبەستێتەوە بە خەمناکی مرۆڤەوە و دەڵێت: یەکێک لە هۆکارەکانی خەمناکی بوون لە قاڵبدانی بوونەوەرە، فیگۆری باڵندەی بریندار هێمایە بۆ ئەو خەونەی مرۆڤ بە درێژایی مێژوو خەونی فڕینی هەبووە و ئەم فیگۆرە ئەو خەونە جێبەجێ دەکات، هاوکات ماسی سەرسامیش بەردەوامە لە گەشتە هەمیشەییەکانی بە نێو دنیای ئاوەکاندا و بینینی ئەو دنیا بەرینەی تا زیاتر لێی وردبێتەوە زیاتر نهێنییەکانیت بۆ ئاشکرا دەبێت.

خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم، نزیکی بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکانی نێو ئەم ڕۆمانەیە لەگەڵ فەلسەفەی بوونگەرایی، بەو پێیەی نووسەر لە لاپەڕە پەنجاو هەشتدا هەبوون دەخاتە پێش گرنگییەوە کە ئەمەش نزیکی دەردەخات لەگەڵ

فەلسەفەی بوونگەراییدا کە بوون لای ئەو بنەڕەتە، هەر لێرەوەیە کە ئەم ڕۆمانە لە ڕۆمانی فەلسەفی نزیک دەبێتەوە.

## بوون وەک ژمارە

یەکێک لە دەسەڵاتەکانی نێو بوون ژمارەیە، ئەم دەسەڵاتە هەر لە کۆنەوە پێگە و گرنگی هەبووە و تا هەنووکەش ئەو پێگە و گرنگییەی خۆی پاراستووە، پێ دەچێت هەر ئەمەش بووبێتە هۆی ئەوەی لەم ڕۆمانەدا باسکردن لە ژمارەکان پێگە و گرنگی تایبەتیان پێ درا بێت، نووسەر هەر لە لاپەڕەکانی سەرەتای ڕۆمانەکەوە باسی لە گرنگی ژمارە کردووە و سەرەتا لە لاپەڕە سێزدەدا دەنووسێت"تێگەیشتن لە مانای ژیان بەبێ ژمارە مەحاڵە" دواتریش لە زۆر شوێنی دیکەی ڕۆمانەکەدا باسی دەکاتەوە و تا لە شوێنێکدا دەڵێت بوون لە کۆمەڵێک ژمارە پێکهاتووە.

دەکرێت بپرسین بۆ نووسەر پێوەندی نێوان بوون و ژمارەی پێکەوە گرێ داوە؟ خودی بوون خۆی لە کۆمەڵێک ژمارە پێک نەهاتووە؟ وەک لەسەرەتاشەوە باسمان کرد ڕۆمانەکە لەڕێی دوو فیگۆری باڵندەی بریندار و ماسی سەرسامەوە دەیەوێت خۆی لە کێشەیەکی گەورەی نێو فەلسەفە بدات کە کێشەی بوونە و ئەم دوو فیگۆرەش دوو فیگۆری خەیاڵین و ئەفرێنراوی خەیاڵی نووسەرن، وەلێ باسکردن لە بوون، باسکردنە لە حەقیقەتێک کە خۆمان بەری کەوتووین و بۆ پڕکردنەوەی ئەم خەیاڵە نووسەر پێویستی بە باسکردنی ژمارە هەبووە، بۆ ئەوەی ئەو کەلێنەی بەهۆی دوورکەوتنەوەوە لە واقیع لە ڕۆمانەکەدا دروست بووە، لەڕێی هەردوو فیگۆرە سەرەکییەکەوە بە باسکردن لە ژمارە و نهێنی ژمارەکان پڕی بکاتەوە، چونکە ژمارە وەک هێزێک، یان وەک حەقیقەتێکی ڕەها وەهایە.

یەکێک لەو ڕستە زۆر سەیر و سەرنج ڕاکێشانەی لە ڕۆمانەکەدا خوێنەر بەری دەکەوێت، دوا ڕستەی ڕۆمانەکەیە کە نووسەر بۆ خوێنەری خستۆتە نێوان دوو کەوانەوە و نووسویەتی "بوون چەند سەیرە"، بەڵام ئەگەر بپرسین سەیریی بوون لە چیدایە؟ بڵێی وەڵامان دەست بکەوێت! بێ گومان سەیریی بوون لەوەدایە کە چەندە کۆنە، بەڵام پرسیاری بوون چییە؟ هێشتا پرسیارێکی نوێیە، ئەمەش پێوەندی بە نەبوونی وەڵامێکی ڕەهاوە هەیە، هەر بۆیە سەیری بوون لە وەڵام نەدانەوەی، یان لە زۆری وەڵامەکانی بوون چییەوە هاتووە.

## ئەنجام

بەر لەوەی دواخاڵێک بۆ ئەم نووسینە دابنێم، کۆی سەرنجەکانم لەسەر ئەم ڕۆمانە لە چەند خاڵێکدا دەخەمەڕوو، بەڵام بەر لەوەش دەمەوێت باس لەوە بکەم بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە پێویستمان بە دیدێکی نوێ هەیە بۆ ڕۆمان، دیدێک کە ئەم ڕۆمانە وەک تێکستێکی سەربەخۆ ببینین و بە هیچ ڕۆمانێکی دیکە بەراوردی نەکەین، یان کۆمەڵێک قاڵبی دیاریکراومان نەبێت بۆ ئەوەی ئەم ڕۆمانەی تێ بکەین، بێ گومان ئەمەش لەوەوە هاتووە کە ئەم ڕۆمانە خاوەنی تایبەتمەندی هونەری گێڕانەوە و زمانی خۆیەتی، کۆی سەرنجەکانم لەم چەند خاڵەدا چڕ دەکەمەوە:

١- شوێن لەم ڕۆمانەدا زۆرجار دیاریکراو نییە و دەکرێت هەر شوێن و جوگرافیایەک بێت، بۆیە نووسەر خۆی لە دیاریکردنی شوێنێکی دیاریکراو پاراستووە.

٢- دەکرێت ئەم ڕۆمانە وەک هەوڵێک بۆ نزیکبوونەوە لە تەوزیفکردنی بۆچوونی فەلسەفی لە ڕۆماندا ئەژمار بکرێت و ڕەنگە زیادەڕەویش نەبێت کە وەک ڕۆمانێکی فەلسەفی (بە کاریگەریی فەلسەفەی بوونگەرایی) ئەژماری بکەین.

٣- ساغ نەبوونەوەی نووسەر لە خستنەڕووی بۆچوونەکانی لەسەر بوون بەوپێیەی کە جارێک بوون لە ڕوانگەی فەلسەفەی بوونگەرییەوە دەخاتەڕوو و جارێکی دیکە وەک بەرهەمی کارکردنی خاڵق پیشانی دەدات، لەم نێوانەدا خوێنەر لە بۆشاییدا دەمێنێتەوە، یان چاو بۆ ڕێگای سێیەم دەگێڕێت.

٤- نەبوونی هێڵێکی گێڕانەوەی دیاریکراو و زاڵبوونی زمانی شیعری لە زۆر شوێندا هەم بۆتە هۆی زیان گەیاندن بە تێکستەکە و هەم وەک یەکێکیش لە تایبەتمەندییەکانی ئەم تێکستە دێتە ئەژمار، وەلی لام وایە ئەمە لە زۆر شوێندا بە زیانی ڕۆمانەکە شکاوەتەوە.

٥- خاڵێکی دیکە کە دەمەوێت لێرەدا باسی بکەم نزیکی بەشێکی زۆر لە بۆچوونەکانی نێو ئەم ڕۆمانەیە لەگەڵ فەلسەفەی بوونگەرایی و ئەمە لە چەند جێگەیەکدا بە ڕوونی هەستی پێ دەکرێت.